# ناوەندی هەواڵگری فیدراسیۆنیسەرتاسەری پەنابەرانی عێراقی

یۆتۆبۆری7-6-2007:

# نارەزایەتی پەنابەرانی کورد لە ناوەندی شاری یۆتۆبۆری دەستی پێکرد

سەرلەبەیانی ئەمرۆ کۆمیتەی هاوکاری بۆ بەرگری لەپەنابەرانی کوردی عیراقی لەشاری یۆتۆبۆری خێمەی نارەزایەتی یان هەڵدا لەپێناو نیشاندانی نارەزایەتی پەنابەرانی کورد دژ بەسیاسەتی دەزگای کۆچی سویدی به دریژەنەکردنەوەی ئیقامەتی یەکسالی بۆ پەنابەرانی کورد و بریار بەزۆر گیرانەوەی پەنابەران بۆ کوردستان.

سەرەتای نارەزایەتیەکە (هاوریٚ فاتح) بەرپرسی فیدراسیۆنی سەرتاسەری پەنابەرانی عیراقی لەیۆتۆبۆری به ووتاریٚك لەسەر بارودۆخی پەنابەرانی کوردی عیراقی لە سوید و داواکاریەکانی ئەم نارەزایەتی یە لەپێناو بەرگری لەپەنابەرانی کورد دەستی پێکرد ،رای گەیاند ئەم نارەزایەتیانە بۆ ماوەی سیٚ رۆژ دریژە دەکیشیٚ وە رۆژی 9–6–2007 کاتژمیر 2 پاشنیوەرۆ بە رییپێوان بەرو یۆتە پلاسن بەریٚ دەکەوێت وکۆتای بەم چالاکی یە نارەزایەتیانە دێت ..هاوکات سپاسی ئامادەبوانی کرد و داوای کرد لە تەواوی پەنابەران ونۆینەرانی رێکخراو ئینسانی و پەنابەریەکان هاوکاری و بەرگریان لیٚ بکەن....

خیمەی نارەزایەتی پەنابەران بە دروشم و وێنەی جۆراجۆر دژ بەگیرانەوەی پەنابەران بۆ کوردستان رازابووە سرنجی رێبوارانی رادەکیشا،فۆرمی ئیمزا کۆکردنەوە بۆ دیفاع لە خواستە ئینسانی یەکانی پەنابەرانی کورد دانرا بوو ئیمزا کۆدەکرایەوە .. .

شایەنی باسە هەر ئەمرۆ رۆژنامەی رۆژانەی (**METRO**) چاوپێکەوتن لەگەل هاوریٚ فاتح و لەسەر نارەزایەتی یەکانی کۆمیتەی هاوکاری بۆ بەرگری لەپەنابەرانی کوردی عیراقی هەواڵەکەی بلاوکردەوە.

بۆ زانیاری زیاتر به (هاوریٚ فاتح) بەرپرسی فیدراسیۆنی سەرتاسەری پەنابەرانی عیراقی_یۆتۆبۆری بەژمارەی(0704454159) پەیوەندی بگرن








IFIR:**PO.BOX1575, ILFORD, IG1 3BZ, LONDON UK:CONTACT Dashty Jamal,**

**d.jamal@ntlworld.com, Mobile:00447856032991 ,Aso Goran: asobalabarz116@hotmail.com**

Jasim Gafur: Jasm_rg@yahoo.co.uk Burhan Fatah : burhanfatah@aol.com Mobile:

07877489626 **or** 07929010257 Office: 0161 234 2784 Aram Hama 07729182083

www.csdiraq.com